# لە غیابی هێزی کوردی ڕێژەی قوتابیی کورد لە زانکۆی کەرکووک لە کەمبوونەوەدایە

کەرکووک وەک شارێکی کوردستانی کە هەمیشە زۆرینەی دانیشتووانی کورد بووە، لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس و تەنانەت لە دوای رزگارکردنی عێراق و دامەزرانی دەوڵەتی فیدراڵیش بەردەوام هەوڵی تەعریبکردنی دراوە و تا ئێستاش ئەو سیاسەتە چەوت و ناڕەوایە بەردەوامە و تەنیا لە قۆناغێکدا سەقامگیری و ئاسایشی بەخۆیەوە بینیوە، کە هێزی پێشمەرگە کۆنتڕۆڵی باری ئەمنیی کردووە و پارێزگاری پێکەوەژیان لە شارەکەدا بووە، لە دوای رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەریش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شارە کوردستانییەدا قەدەغە کراوە، تەنانەت دۆزی خوێندنی زمانی کوردی و ڕێژەی قوتابیانی کورد لە زانکۆی شارەکەدا بەرەو داکشان چووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان ڕەوانگەی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ئەحمەد سەمەد بەرپرسی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان - لقی زانکۆی کەرکووك، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پرۆسەی بە عەرەبکردن لە شاری کەرکووك دەستی پێ کردووەتەوە و بە ئاشکرا هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە دەدرێت، ئەوەش بۆ «غیابی هێزە کوردییەکان و ئەو هێزانەی کورد کە لە شارەکە بێ دەسەڵاتن» دەگەڕێنێتەوە و هاوکات دەڵێت: « زانکۆی کەرکووك لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە پرۆسەی تەعریبکردن بێبەش نەبووە و یەکێك بووە لەو دەزگا گرنگانەی کە لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بە چڕی هەوڵدەدرێت رێژەی قوتابیی عەرەب لە زانکۆی کەرکووك زیاد بکەن، لە دوای هێنانی هەزاران خێزانی عەرەب لە شارەکانی خوارووی عێراق لە ماوەی (سێ) ساڵی رابردوودا و گۆڕینی نفووسیان بۆ سەر کەرکووك لە دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی بەمەبەستی وەرگرتن پێشکەشی زانکۆی کەرکووکیان کردووە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی کە وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق مەرج و رێنماییەکانی بۆ داناون و رێژەیەکی زۆری قوتابیی عەرەب وەرگیراون بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٠و بەتایبەت لە خوێندنی ئێواران رەنگدانەوەی زۆری هەیە کە بە رێژەیەکی زۆر عەرەب زیادی کردووە.» گوتیشی: «پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووك بەردەوام سەردانی زانکۆ دەکات و دەسەڵاتەکانی بەسەر سەرۆکایەتیی زانکۆدا دەسەپێنێت و لە دانانی راگری کۆلێژەکان کە چوار راگر پشکی عەرەبە هەر چواریان لە عەشیرەتی جبوری ـن و خزمی پارێزگارن،سەرەڕای هەموو ئەمانە رێگە نادرێت هیچ بۆنە و یادێکی نەتەوەی کورد لە نێو زانکۆ بەرز رابگیرێت و هەر قوتابییەك هەوڵی ئەوە بدات لێپێچینەوەی توندی لەگەڵدا دەکرێت.»

لەلای خۆیەوە رزگار سەعدوڵا کارگێڕی لیژنەی ناوچەی زانکۆ ـ کەرکووك، هێما بۆ ئەوە دەکات:» ئەمساڵ دۆخی زانکۆ و پەیمانگاکان لە رووی رێژەی نەتەوەکانەوە لەو تەعریبەی کە بەسەر شاری کەرکووك و دەوروبەری لە سایەی دەسەڵاتی سەربازی و دۆخی داگیرکاری شارەکە کە لە ئەنجامی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەر ناوچەکەدا هات بێبەش نەبوو، زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووك ئەمساڵ لە رووی رێژەی نەتەوەکان لە قوتابیانی تازە وەرگیراو بە جۆرێك گۆڕاوە کە ساڵانی پێشوو سەرجەم نەتەوەکان لە رێژەیەکی یەکسان بوون، بەڵام ئێستا رێژەی کورد بە جۆرێك دابەزیوە کە بە ئاشکرا لە ناو زانکۆ و پەیمانگەکان هەستی پێدەکرێت».

ئەو کارگێڕەی لیژنەی ناوچەی زانکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە:» کۆلێژی پەروەردە-بەشی زمانی کوردی ساڵانی پێشوو زیاتر لە١٤٠قوتابی بۆ هەر ساڵێك وەردەگرت، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی قوتابیان ناگاتە ٣٠ قوتابییش، ئەمە ئەگەر بەراورد بکەین بە بەشی زمانی عەرەبی و زانستی دەروونناسی لە هەمان کۆلێژی ناوبراو زیاتر لە ٢٠٠ قوتابی وەرگیراون کە ٩٠٪ی قوتابییەکان لە نەتەوەی عەرەبن و خەڵکی حەویجە و زاب و ریاز و گوندەکانی دەوروبەری ئەو ناوچانەن، هەروەها لە کۆلێژەکانی تریش هەمان دۆخ رووی داوە بە گوێرەی ئەو داتایانەی کە لای ئێمە هەن رێژەی کورد لە سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی کەرکووك بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ ـ ٢٠٢٠ لە ٣٠٪ کەمترە، ئەمەش لە ئاییندەدا مەترسی زۆر لە رووی هەڵگرانی بڕوانامە بۆ نەتەوەی کرد درووست دەکات.

ئەحمەد سیروان بەرپرسی لقی کەرکووکی تۆڕی گەنجانی نیشتمان سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پەڵەی رەشی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاسمانی شاری کەرکووك و خوێندنی بەشی کوردی داپۆشیوە، خۆری قوتابیانی کورد ڕوو لە ئاوابوون دەکات. وەك ئاشکرایە خوێندنی کوردی لە پێش رووداوەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە ژێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی کوردستان بوو، هەر بۆیە لە شاری کەرکووك قوتابیانی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە بە ئازادی و یەکسانی پەرەیان بە خوێندنیان دەدا، بەڵام دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ژیانی سەرجەم هاووڵاتیانی شاری کەرکووك شێوێندرا وبووە هۆی ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری هاووڵاتیان بەتایبەت چینی قوتابیان، زۆرێك لەو قوتابیانە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون و بووە هۆی وازهێنانیان لە خوێندن، هەندێکی دیکەش لەبەر نەبوونی خەرجی و دواکەوتنیان لە خوێندن ساڵی خوێندنی ئەمساڵیان دواخستووە. هەروەها زۆربەی قوتابیانی کورد لە کەرکووك دوچاری خراپی باری دەروونی بوونەتەوە، لەبەر ئەوەی وەك قوتابی پلە دوو سەیر دەکرێن و بە هیچ جۆرێك هاوکاری ناکرێن و تەنانەت بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.» گوتیشی: «کێشەیی هەڵنەکردنی ئاڵای کوردستان لە نێو زانکۆکان و سەرکوتکردنی قوتابیان و رێگریکردن لە یادکردنەوەی بۆنە تایبەت و گشتییەکانی نەتەوەی کورد لە ناوەندەکانی زانکۆ قوتابی کوردی نائومێد کردووە». هەروەها بە سەدان قوتابی لە نێو کەمپەکانی داعشەوە هاتوونەتە نێو زانکۆکان کە ئەمەش تەعریبکردنێکی نوێیە بەرامبەر بە قوتابیانی کورد لە کەرکووك پەیڕەو دەکرێت. بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم ئەم کێشانە پێویستە دۆخی ئەمنی و سیاسیی شاری کەرکووك ئارام و ئاسایی بکرێتەوە و قوتابیان لەکەشێکی ئارام و تەندروست و ئازاد پەرە بە خوێندنیان بدەن.»

**زانکۆی کەرکووک لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە پرۆسەی تەعریبکردن بێبەش نەبووە و یەکێک بووە لەو دەزگا گرنگانەی کە چاوی لەسەرە و لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بە چڕی هەوڵ دەدرێت رێژەی قوتابیی عەرەب لە زانکۆی کەرکووک زیاد بکەن**

**کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی ساڵانی پێشوو زیاتر لە١٤٠قوتابی بۆ هەر ساڵێک وەردەگرت، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی قوتابیان ناگاتە ٣٠ قوتابییش**

**پەڵەی رەشی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاسمانی شاری کەرکووک و خوێندنی بەشی کوردی داپۆشیوە، خۆری قوتابیانی کورد روو لە ئاوابوون دەکات**

# خواستی گەنج و ئەرکی حوکمڕان

لاوان و گەنجان بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگەیەکن و دەسەڵاتی حوکمڕانییش لە هەر وڵاتێکدا ئەرکی سەرشانیەتی کە بایەخ بە پەروەردە و پێگەیاندن و وەبەرهێنانی گەنج بدات، هەتا بتوانن خزمەتی خۆیان و وڵاتەکەیان بکەن. دیارە ئاوات و خواست و ئارەزووەکانی لاوانیش، بەپێی تەمەن و لە گەنجێکەوە بۆ گەنجێکی دیکە، یان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی کۆمەڵێك بابەت هەن کە هەموو گەنجێك بایەخیان پێ دەدات و بە هەموو شێوەیەك باس و خواسی لەسەرە و بەردەوام دەخرێنەڕوو، دیارترینی ئەو بابەتانەش کە گەنجان بایەخی پێ دەدەن، بریتییە لە فێربوون و گەشەی زانستی و خوێندن، وەرگرتنی بڕوانامە و دۆزینەوەی کاریش بەشێکی سەرەکییە لە ئامانجەکانی گەنجان، چونکە پێویستیانە پسپۆڕی لە بوارێك پەیدا بکەن و لەو ڕێگایەوە کار بدۆزنەوە و داهاتوویان بنیاد بنێن. بونیادنانی داهاتووش کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر دەسەڵاتی حوکمڕان ئاسانکاری بۆ نەکات.

لەم بابەتەدا تیشك دەخەینە سەر چەند بەشێکی سەرەکی لە کێشەو گرفتەکانی گەنج کە لە واقیعی ئەمڕۆی ژیانی گەنجدا بە شێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو هەستی پێ دەکرێت، بەڵام تا ئێستا ڕێگەچارەیەکی پێویست نەگیراوەتە بەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو، هەر بۆیە هەست بە جۆرێك لێڵی و ناڕوونی دەکرێت، بەتایبەت کە ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەکان زەقتر و زۆرتر خۆیان نیشان دەدەن، کە سەرەکیترینیان لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی ئابووری چونکە تاکە سەرچاوەیە کە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیان. بێگومان نەبوونی داهاتی سەربەخۆ و جێگیر هەموو کات تاکەکانی نێو کۆمەڵگە ڕووبەڕووی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، هەر بۆیە ڕۆژانە گوێبیستی چەندین گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی دەبین، کە زۆرینەی زۆری کێشەکان بە هۆی نەبوونی داهاتێکی جێگیر لە ناو تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بووە، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ لێکترازان و پەرتبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لەناو خێزاندا، کە بەداخەوە هەندێك لەو حاڵەتانە خەریکە دەبنە دیاردە، وەك: خۆکوشتن، دزی و تاوانی کوشتن، هەروەها دەبینین گەنجان بە ڕێژەیەکی زۆر پەنا بۆ کۆچکردن دەبەن، کە ئەو بڕارەشیان ڕووبەڕووی سەدان مەترسییان دەکاتەوە.

هەرچەند لەسەر گرفت و کێشەکانی ئەمڕۆی گەنج بنووسین، وەك ئەوە وایە هیچ نەنووسرابێت، بۆیە نامەوێت زیاتر درێژەی پێ بدەم و وا باشترە زیاتر ڕێکارەکانی چارەسەر بخەینەڕوو، بێ شك بۆ هەر گرفتێك و کێشەیەکیش چارەسەر هەیە، هەر کەسێکیش بە جۆرێك لێکدانەوەی بۆ دەکات. لێرەدا کۆمەڵێك خاڵ هەن کە ڕۆڵ دەگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بەتایبەت بۆ توێژی گەنجان، کە لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دراوە: ١- لە پێناو کەمکردنەوەی قەیرانی بێکاری، پێویستە بۆ هاندان و دۆزینەوەی هەلی کار گرنگی بە کەرتی تایبەت بدرێت، ئەویش بە دەرفەتپێدانی زیاتر و بەرچاوحستنی ئەم لایەنە لای گەنجان، هەروەك چۆن کەرتی گشتی ئومێدی هەر تاکێکە، بەو جۆرەش کەرتی تایبەت پێویستە لای گەنجان بە بایەخ بکرێت. بەتایبەتی لە ئێستادا کە کەرتی گشتی ناتوانێت پێداویستییەکان پڕبکاتەوە، نموونەی بەرچاویش ئەوەیە کە زۆر جار مووچە لە مانگەوە بووە بە وەرز.

٢- پێداچوونەوە بە یاسای کاری فەرمانبەران و کرێکاراندا بکرێت، تاوەکو زامنی کار بۆ گەنجان بکرێت بە جۆرێك کە لەگەڵ واقیعی ژیانی گەنج تەبا بێت و هەر دوو ڕەگەزیش لە خۆ بگرێت، هەروەها هاندان و پاداشت و سیستمی کاری بەدەر لە وادەی کارکردن پێداچوونەوەی تێدا بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵی جددی لەو بوارەدا هەبێت.

٣- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر



دەهۆك بارزانی

بایەخ بدەن بە رەوشی ژیانی گەنجان، بەتایبەت رەگەزی مێ و ئەوانەی بێکارن و دەکرێت لە رێگەی چالاکییەکانەوە هەوڵ بدەن کۆتایی بە نەهامەتییەکانیان بهێنن و ئەو دۆخە دەروونییەی کە رێگرە کۆمەڵایەتییەکان بۆیانی دروست کردووە و بە هۆیەوە ناتوانن سوود لەو هەلی کارانە ببینن کە بۆیان دەرەخسێ، گۆڕانکاری بەسەردا بێنن، هەروەها لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە دەکرێت ئەو خەوش و گومانەی لەسەر کەرتی تایبەت هەیە، یان ئەو توندوتیژی و تەحەڕوشەی کە رووبەڕووی کچان و ژنان دەبێتەوە لە شوێنی کارەکانیان، کاری لەسەر بکرێت و هەوڵی هەمەلایەنەی بۆ بدرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو پێشێلکارییانە بە مەبەستی زیاتر هاندانیان بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت.

٤- تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ هەموو ئەو دامەزراوەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی کە پڕۆژەیان بۆ گەنجان هەیە، تاوەکو مەودای پڕۆژەکانیان بەرفراونتر بکەن، بە جۆرێك کە بگاتە شوێنە دوورەدەستەکان و بۆ هێنانە ناوەوەیان لە بواری کارکردندا بە پڕۆژەی بچووك دەستگیرۆیی گەنجان لە هەردوو رەگەزەکە بکرێت.

٥- ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ کاری خزمەتگوزاری بکرێت لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا تاوەکو قەباری کەمتەرخەمی و پێداویستیی هاووڵاتیان زانستییانە دەرکی پێ بکرێت، گوێگرتنیش لە بیرۆکە و راوبۆچوونی گەنجان زامنی بەرزهێشتنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی لای گەنجان دەکات.

٦- وەزارەتی پەروەدە پڕۆگرامی پلاندانان بخاتە نێو یەکێك لە پڕۆگرامە سەرەکییەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی تاوەکو گەنجان بە شێوەیەکی زانستی لەسەر پلان رابهێندرێن و نەقشەڕێگە بۆ داهاتوویان دروست بکەن. ٧- کردنەوەی خولی پێگەیاندن و راهێنانی گەنجان لە بوارەکانی رابەرایەتی و سەرکردە لەلایەن هەریەك لە وەزارەتی پەروەردە و رۆشبیری و لاوان و خوێندنی باڵا.

٨- بایەخدان بە گەنجان لە لایەن وەزارەتی پلاندانان بە جۆرێك هەروەك چۆن لە کۆمەڵگەیەکی گەنجانە (بە پێوەرە دیمۆگرافییەکان بێت) ناسراوین، ئاوهاش دەبێت سیاسەتی وەزارەتی پلاندانان لەم کۆمەڵگە گەنجانەیەدا بە ریتم و ئاراستەیەکی گەنجانە دابڕێژرێت، بە جۆرێك گەنجانی ئەم وڵاتە نەتۆرین و وزە و بەهرەمەندییەکانیان بە پێی ئەو پلانە بخرێتەگەڕ بۆ خزمەتکردن بە خۆیان و کۆمەڵگەیان.

٩- خولقاندن و دروستکردنی زەمینەی لەبار و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بە توێژی گەنجان لە بواری کاری تایبەت بە گەنجان و سوودبینین لە تواناو بەهرەمەندییەکانیان بەتایبەت لە رێگەی پڕۆگرامی تواناسازیی گەنجان و دەرفەتپێدانی گونجاو بۆ بینینی ئەزموونی کارکردن لە وڵاتانی دیکە بۆ هەردوو رەگەز و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئایدیۆلۆژیا و ئینتیمای حزبی.

١٠- هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بۆ گەنجان بەرفراوانتر بکرێت.

١١- هەرچی زووتر کێشەی بێکاریی گەنجان لە دامەزراوە گشتییەکاندا چارەسەر بکرێت، تاوەکو چیتر گەنجان لە کۆمەڵگەدا پەراوێز نەخرێن.

١٢- پرۆژەی (راپرسی لەسەر پیشەگەری) لە نێو گەنجاندا بکرێت، تاوەکو بزانرێت ئاستی خۆشەویستیی کار و قبووڵکردنی پیشەگەری لە کودستاندا لای گەنجان لەگەڵ خواست و خولیاکان یەك بگرێتەوە، تاوەکو پسپۆڕی لە کارو پیشەدا لەنێو توێژی گەنجان وەلا نەنرێت.

١٣- گەشەپێدانی زانیارییە گرنگەکان کە رۆڵیان هەیە لە بونیادی فیکری گەنجدا، بەتایبەتیش گەشەپێدانی چەند بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی وەك گەشەپێدانی ئاستی پەروەردەیی و پێگەیاندن.

١٤- فراوانکردن و گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و دروستکردنی چەند پەیمانگا و کۆلێژێکی پیشەیی بۆ زیاتر دروستکردنی گەنجی کار.